# ژن لە هەوراماندا

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی «شەپۆل»
- سەرۆکی ئەنجومەن -

لە کوردەواریدا، هەموو ئەمە دەزانین کە ژنانی کورد وەک پیاو دەستێ بەرز و باڵایان بووە لە چارەسەرکردنی باری ژیانو کەند و کۆسپی کۆمەڵایەتی دا. جگە لەوەش لە ژنانی زۆر گەورەو کارزان و کاردان و بەنێو بانگ هەڵکەوتوون و ژیرانەو مرۆیانە کارو باری رامیاری، ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەرکی سەرشانی خۆیان لە کوردستان دا بەڕێوە بردووە.

لەسەر نەخشی هەڵکەندراوی دراوێکی زۆر کۆندا، ناوی ئافرەتێکی بەناوبانگ لە ناوچەکانی هەورامان دا بە ناوی (ئاداد) دەرکەوتووە، لەو پول و دراوە، روون بۆتەوە کە ئەو ژنە فەرمانڕەوای هەورامانو ناوچەکانی دەوروبەری بووە. جا لەبەر ئەوە سکەی بە ناوی خۆی لێداوە. لەسەر دیوێکی ئەو سکەیە، وێنەی ئەو ئافرەتە هەڵکەندراوەو لەسەر دیوەکەی دیکەی نێوی (ئاداد) بە ئەلف و بێی ئارامی نووسراوە.

واژەی داد بە واتای عەدلەو زۆربەی پاشاکانی ئەشکانی ناویان بە داد دوایی هاتووە.

ئەمرۆ واژەی داد لە هەورامانا بە شێوەی (تات: تاتە) واتا: (باوک، باو، باب) بەکار دێ. لە زمانی ئینگلیسیش دا داد بە واتای باوک بەکار دێ.

- ئامرازی (ئا)ش، لە ئاوێستادا مانای (نەفی) دەدا یا بە واتای (دژ) دێ.

جا ئەگەر داد لە واتای (باوک)دا بەکار برا (ئاداد) بە واتای دژ (باوک) دەبێ، یانی مانای (دایک) دەدا. ئەوەش ئازناوو لەقەبەو ناوی راستەقینەی ئافرەتەکە نییە.

بەو جۆرە ناوی فەرمانڕەوای ناوچەکانی هەورامان لە سەردەمی ئەشکانییەکان دا (ئاداد: دایک)ە. ئێستاش لە هەورامان دا (ئەدا، ئادا) لە بابەت دایکەوە بەکار دێ. وەک (سترابون) باسی کردووە و مێژوو دەڵێ: دوای گرتنی ئەینەوا بە دەستی (هووەخشەترە) مادی لە ۶۱۲ بەر لە زایین ئافرەتێکی مێدی بووە بە ئوستانداری ئەوێ.

لە سەردەمی (مەئمون) و (هارونەرەشید)ی عەبباسیدا، خەڵکی هەورامان هێشتا موسڵمان نەبیوون (ساڵانە)یان بە حوکومەتی عەبباسیان دەدا. لەو سەردەمەدا خانمێ فەرمانڕەوای هەورامان بووە، بەداخەوە لەبەر تێکچوونی نووسینی سکە دراوەکە تەنیا ساڵی لێدانی (۲۳۰)ی مانگی خوێندراوەتەوە.

لە ساڵی ۴۴۲ی مانگی بەدوا ناوی ساتراپ (سان)ەکانی هەورامان تا زەمانی پەهلەوی هاتووە، لەو ماوەدا جار بە جار چەند ئافرەتێ وەک سان لە هەورامانی تەخت و لهۆن ناویان هاتووە.

۱ـ خاتو هۆریزادسان، کە دوای کوژرانی ئەسکەندەر سانی هەورامان لە ۱۲۲۵ی مانگی دەبێتە سان و فەرمانڕەوای ناوچەکانی هەورامان و ساڵێ زیاتر بەسەر (کەمەرە، رەزاو، شامیان) و ناوچەکانی دیکە سانی و حوکومەت دەکاو ئەوسا فەرمانڕەوایی و سانی خۆی دەداتە دەس (محەمەد بەگ)ی مێردی.

۲ـ خاتو منیرەسان زیاتر لە ساڵێک فەرمانڕەواو سانی ناوچەی لهۆن دەبێ و هەروا لە جیاتی (قادربەگی عومەر بەگیش) کە دەمرێ حوکمڕانی و سانی دەکا، جار جارەش لە نێو کتێبدا لەباتی منیرەسان (مەنیجەسان) نووسراوە کە هەردوو یەکن. هەروەها ژنانێک وەک خاتو مینای کچی رۆستەم سان، ئامینەخانی کچی ئەفراسیاوبەگ، ئافتاوخانی غەفاربەگ، و ئاسیە خانی کچی مەحمود خانی دزڵی و... لە ژنانی ناوداری ناوچەکە بوون.

نوکتە: ژنی کورد شان بە شانی مێردەکەی کار دەکا. لە داوێن پاکیشدا ناودارن. شەرمی بەدرۆ، گزی و فزی نازانن. راست و پاکن و چاکن.

مێژوو دەڵێ: لە جەنگی (دەربەندی دزڵی دا، هەورامانی دزڵی تەخت و رەزاو) کە فەرهاد میرزا هێرشی کردبووە سەر ئەو ناوچانە، ژنانی ناوچەکە لە جەنگدا شان بە شانی پیاوەکانیان بە دژی فەرهاد میرزا راپەڕین و گاشەبەردیان بەسەر لەشکرەکەی دا تلار دەکردەوەو دەیانوت: ئیسکەندەری روم نەیتوانی هەورامان بگرێ، ئێستا تۆ خۆت لێ خۆش کردووین.



گۆڤاری ئۆرگانی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی تایبەت بە هەورامان